# ئەو ڕێچکانەی دەگەن بەتازەگەری

و/ هێمن مەحمود

نوسەری ئەم کتێبە ژنە لێکۆڵیاری ئەمریکی( جیرترود هیمیلفار)یە کە مامۆستای زانستی مێژوە هەر لەساڵی 1978 ەوە لە زانکۆی نیویۆرکدا.
لەساڵی 1991 یشەوە وەك مامۆستی دیراساتە مرۆییەکان دەستبەکارە کە هەڵگری ناوی ( تۆماس جیڤرسۆن)ە کە یەکێکە لە باوکە دامەزرێنەرەکانی نەتەوەیی ئەمریکی، ئەمەش گەورەترین پۆستی زانکۆییە لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا.
چەندین خەڵاتی گەورەشی لەوبوارەدا پێدراوە و حاڵی حازریش لەگەڵ مێردەکەیدا لەشاری( واشنتۆن ) ژیان بەسەر دەبات.
لەم کتێبە تازەیەیدا نوسەر باس لەچۆنێتی دەرکەوتنی تازەگەری دەکات لەڕۆژئاوای ئەوروپی و ئەمریکیدا هەر لەسەردەمی ڕۆشنگەرییەوە هەتاوەکو ئەمڕۆمان.
هەر لەسەرەتاوە ئەو وایدەبینێت کە هەندێك کەس سەردەمی ڕۆشنگەرییان موقەدەسکردوە و دژی ئەوەن کە هیچ ڕەخنەیەکی ئاراستەبکرێ بەو ئیعتیبارەی کە شایانی هەڵە نییە،کەچی هەندێکی دیکە هێرشێکی زاڵمانە دەکەنە سەری بەوسیفەتەی کە ئەوە ڕۆشنگەرییە کەلێپرسراوی هەموو تاوانەکانی شارستانیەتی ڕۆژئاوایە و هەروەها هەموو لادانەکانیشی لەسەردەمی ئیستیعماردا.
نوسەر بڕوای وەهایە هەردوو هەڵوێستەکە هەڵەن،چونکە ڕۆشنگەری هانی ڕەخنەی بنیاتنەر دەدات نەوەك ڕەخنەی ڕوخێنەر،ئەویش وەك هەموو ئەو تەجروبانەی پێشتر کە لەمێژوودا هەبون،بەڵام ڕەوتی دوای تازەگەری لەڕەخنەکردندا ئەوەندە موبالەغە دەکەن تاوەکو حاڵەتی ڕوخان و تێکدان،ئەمەش ڕێگا پێنەدراوە،چونکە دەبێتە هۆی لەناوچونی دەستکەوتە گەورەکانی تازەگەری.
ئەوە ئاشکرایە کە فەیلەسوفە هاوچەرخە فەرەنسیەکان هەر لە( فۆکۆ)وە تاوەکو ( دریدا ) بە ( جیل دۆلۆز) و( جان فرانسۆ لیوتار)یشەوە موبالەغەیەکی زۆریان لەم ئاراستەیەدا کردوە ،کە بێگومان ئەوە ئاراستەیەکی عەدەمییەو جگەلە کاولکاریش هیچ ئەنجامێکی نابێت ،ئەمە دەڵێین سەرەڕای گرنگی ئەو دەستکەوتە فیکری و ڕەخنەییانەش کە بەدەستیان هێناوە.
دواتر نوسەر دەڵێت:
بناغەی ڕۆشنگەری ئینگلیزییە، بەڵام فەرەنسیەکان دەستیان بەسەردا گرتوە و داگیریان کردوە و وەها دایان ناوە کە بەتەنها دەستکەوتی خۆیانە،ئەمەش شتێکی ڕاست نیە،جا بۆیە پێویستە هەموو شتەکان بگەڕێنینەوە شوێنی خۆیان و فەیلەسوفە ئینگلیزەکانیش بڵێین کە ئەوان لەو بوارەدا ئەوان دەستپێشخەربون.
ئەگەر ( جۆن لۆك ) و ( ئیسحاق نیوتن ) نەبونایە( ڤۆڵتێر ) و( دیدرۆ ) و ( ڕۆسۆ ) و ئەوانی دیکەش نەدەبون ،هیچ کەسیش ناتوانێت نکۆڵی لەدەستکەوتەکانی ( شافتبری ) و ( دایڤید هیوم ) و( ئەوەمۆند بیرك ) و ( ئادەم سمس ) و ئەوانی دیکە بکات ،جابۆیە لەسەرەتادا ڕۆشنگەری ئینگلیزی بوە بەرلەوەی ببێت بەفەرەنسی و ئاڵمانی و ئەوروپی .
گەورەترین بەڵگەش بۆ ئەوە ئەوەیە شۆڕشی ئینگلیزی لانی کەم بەر لەسەدەیەك پێش شۆڕشی فەرەنسی کەوت ،هەربۆیە گەلی ئینگلیزی بۆ ئازادی سیاسی و دەستکەوتنی مافەکانی و زاڵبون بەسەر سەرکوتکردن و مەزهەبیەت و دەمارگیری کوێرانەدا پێش گەلی فەرەنسی کەوت .
شۆڕشی ئینگلیزی دوهەم کە ساڵی 1688 ڕویدا لانی کەم سەد ساڵ پێش شۆڕشی فەرەنس کەوت کە ساڵی 1789 ڕویدا.
لەبەر ئەم هۆیەش دەڵێن ئینگلتەرە کۆنترین دیموکراتیەتە لەجیهاندا،ئەوە دەڵێین و بەتایبەتیش کە شۆڕشی ئینگلیزی بەشێوەیەکی ئاشتانە ڕویدا و وەك شۆڕشی فەرەنسی خوێناوی نەبو،هەروەها بۆ گەلیش مافە تاکە کەسیەکان و ئاینیەکان و سیاسیەکان و هەروەها مافی موڵکداریێتی و گواستنەوە و ڕادەربڕین و بڵاوکردنەوە ورۆژنامەگەری دەستەبەرکردبوو و هەتادوایی.

دوای شۆڕشی ئینگلیزی شۆڕشی ئەمریکی دێت لەساڵی 1776 دا کەئیلهامی لەبنەماکانی سەردەمی ڕۆشنگەرییەوە وەرگرتبوو هەروەها کەنیسەی لەدەوڵەت جیاکردەوە و لەسەر بنەمای تازە کە هیچ پەیوەندییەکی بەئاین یان مەزهەبگەرییەوە نەبوو و وەچەمکی هاوڵاتیبونی دیاریکرد،هەروەها ئەم بنەما بەناوبانگەشی جێبەجێکرد کە دەڵێت: دین بۆ خوایەو نیشتیمانیش بۆ هەموان.

دواتر دوای شۆڕی ئینگلیزی و ئەمرکی شۆڕشی فەرەنسی لەساڵی 1789 دا هات و لەسەر ڕێچکەی هەمان ئەو دوو شۆڕشە هات و ئەو مافەی بۆ خەڵك دەستبەرکرد کە تەعبیر لەبۆچونەکانی خۆی بکات و دەسەڵاتدارانی خۆۆی دیارییکات دوای ئەوەی ڕژێمی پادشایەتی کۆنی لەناوبرد.

نوسەر ئەم پرسیارە دەخاتە ڕوو:

بەڵام ئەو بنەمایانە چین کە هەموو ئەو شۆڕشانەی لەسەر بنیاتنراوە ؟

ئەوانە بەتایبەتی بنەمای فەلسەفەی ڕۆشنگەرین کە ئەمەش فەلسەفەیەکە بیرمەندانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەمریکی هەر لەسەدەی حەڤدەیەمەوە تاوەکو سەدەی هەژدەیەم داینهێناوە.

لەفەیلسوفە پێشەنگەکانی ڕۆشگەریش لەفەرەنسادا( بیر بایل ) ە کەلەساڵی 1697 دا کتێبە بەناوبانگەکەی خۆی بڵاوکردەوە کە تیایدا ڕەخنە لەهەموو عەقائیدە ئوسوڵیە مەسیحیە کۆنەکان دەگرێت و پێشبینی ئەوە دەکات سەدەی داهاتوو(واتە سەدەی هەژدەیەم ) سەدەیەکی ڕۆشنگەرە.

ڕۆژگاریش ڕاستی پێشبینیەکانی سەلماند،چونکە سەدەی هەژدەیەم بە پلەی ئیمتیاز سەدەی ڕۆشنگەری بوو،چەمکی ڕۆشنگەریش ئاماژەیەکە بۆ ئەو بزوتنەوە فیکرییە ڕەخنەییەی کە لەسەدەی هەژدەیەمدا گەشەی کردو بوو بە هۆی سەرهەڵدانی بیری تازە و بڵاوبونەوەی و جێگاگرتنەوەی بیری کۆن.

دواتر نوسەر بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

ڕۆشنبیری سەدەی هەژدەیەم هەستێکی ڕەخنەگرانەی وەهایان هەبوو کە لەئاستی جیهانیدا بوو،هەروەها بڕواشیان وەهابوو مرۆڤ لەڕێگای ئەویشەوەیە کە وادەکات ڕێساکانی گەردون بزانێت و بارودۆخە مادی و مەعنەوییەکانی خۆی لەسەر ئەم زەوییەدا چاکبکات.

(کانت) دەیوت پێویستە مرۆڤ بەشێوەیەکی چاك عەقڵی خۆی بەکاربهێنێت و نابێت تەسلیمی خورافات و وەهم و تەمەڵی ببێت،چونکە هەر ئەم شتانە بون کە ڕێگایان لەوە گرتبوو مرۆڤەکانی سەردەمی زوو لەقۆناغی هەمەجییەت و بەربەریەتی دەربچن.

هەروەها دەیوت :

(کۆپەر نیکۆس و گالیلۆ و کێبەلر ونیوتن)ئەو ڕێسایانەیان بۆ کەشفکردین کە تەحەکوم بەهەردوو جیهانی زەمینی و ئاسمانی دەکەن کە ئەوانیش ڕێسا فیزیای و بیرکارییەکانن،لەسەر ئێمەش تەنها ئەوە پێویستە کە بەشێوەیەکی ڕاست بەکاریانبهێنن ).

بۆ ئەوەی ئەو خەونەی(دیکارت)بەدیبهێنین کە خەونی وەهابوو مرۆڤ دەستبگرێت بەسەر سروشتدا و بەهۆی داهێنان و ئامێرە تەکنەلۆژییەکانەوە ببێتە سەرگەورەی، لەواقیعیشدا دواتر هەر ئەوە ڕوودەدات،هەربۆیە ئەو پرۆژە ڕۆشنگەرە زانستی و فەلسەفیەشە دەبێتە هۆی دروستکردنی شارستانیەتی تازە لەئەوروپا و ئەمریکای باکوردا.

بەرلەهاتنی سەردەمی ڕۆشنگەریش لەسەدەی هەڤدەیەمدا بیرمەندی فەرەنسی (بییر بایل) و بیرمەندی ئینگلیزی(جۆن لۆك) ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕا لەگەشەپێدانی ئەو مەنهەجییەتە ڕەخنەییەی کە عەقائیدە مەسیحییە کۆنەکانیان لەیەك هەڵوەشاندەوە ئەو عەقائیدانەی کە لەسەر موعجیزاتی خورافی بنیاتنرابوو نەوەك لەسەر بناغەیکی زانستی.

**دوای ئەوانیش فەیلەسوفە ڕۆشنگەرەکانی تر لەسەر هەمان ڕێچکە ڕۆشتن ،لە پێشی هەموشیانەوە مۆنتیسکۆ (1689-1755) ی سەرۆك پەرلەمانی شاری بۆردۆ خاوەنی کتێبە بەناوبانگەکەی( نامە فارسیەکان 1721 )کە بەشێەیەکی ئاشکرا عەقیدە و عاداتە فەرەنسیەکان بەر ڕەخنەدەدات کە لەو سەردەمەدا باوبوە.**

**ئەم فەیلەوسوفە دەیوت بەرەو پێشەوەچون و لاوازبونی شارستانیەتەکان دەکەونە ژێر کاریگەر کۆمەڵە ڕێسایەکەوە هەروەك چۆن جیهانی مادی دەکەوێتە ژێرکاریگەری کۆمەڵێك ڕێسای فیزیایی و کیمیایی و بیرکارییەوە.**

**شارستانیەتی یۆنانی بەهۆی کۆمەڵێك هۆکارەوە بەرو پێشەوە چوو دواتر بەهۆی کۆمەڵێك هۆکاری ناوخۆییەوە لەناوچوو،شارستانیەتی ڕۆمانیش بەهەمان شێوە ڕۆژێك لەڕۆژان بەسەر هەموو ناوچەی دەریای سپی ناوەڕاستدا بالآدەستبوو کەچی توشی ڕوخان هات لەکاتێکدا خەڵکی بڕوایان وەهابوو کە ئەوە شارستانیەتێکی ئەبەدییە بەهۆی هێز و جەبەروتی خۆیەوە.**

**جابۆیە چەند ڕێسایەکی زانستی هەیە کە تەحەکوم بەم جیهانەوە دەکات،شتەکان وەك گومان دەبەین عەبەسی نین ،ئەگەر لەهۆکارەکەشی بگەین توشی سەرسوڕمان دەبین.**

**دوای ئەوەی ژنە نوسەر بەدرێژی لەسەر ئەو ڕۆڵە دەوەستێت کە ڕۆشنگەری ئینگلیزی لەهەستانەوەی ئەوروپادا گێڕاویەتی،بەشێکی گرنگ تەرخاندەکات بۆ ڕۆشنگەری فەرەنسی و ناوی دەنێت (ئایدۆلۆژیای عەقڵ)،هەروەها بەشێکی گرنگی دیکەش بۆ ڕۆشنگەری ئەمریکی تەرخاندەکات و ناوی دەنێت (سیاسەتی ئازادی).**

**ئەوەی دەربارەی فەرەنسیەکانە لە بارەیانەوە دەڵێت:**

**لەساڵی 1748 دا کاتێك (مۆنتیسکۆ) کتێبە بەناوبانگەکەی خۆی بڵاوکردەوە (ڕۆحی یاساکان) گۆڕانێکی گەورە لەفیکری ئەوروپیدا ڕوودەدات،لەم کتێبەدا هەموو ڕژێمە سیاسیە ناسراوەکان شیدەکاتەوە وئەو یاسایانەش دەستنیشاندەکات کەڕژێمەکانی هەموو وڵاتێك و عادات وتەقالید و جوگرافیا و ئابورییەکەی بەیەکەوە دەبەستێت.**

**بە مجۆرە ئەم فەیلەسوفە بەڵگەی بۆ ڕێژەیی بونی ئەو ڕژێمە هێنایەوە کە لەفەرەنسادا بالآدەستبوو،وتیشی :ئەم ڕژێمە بۆ چەند هۆکارێکی دیاریکراو دروستبوە هەر لەبەر چەند هۆکارێکی دیکەش هەرەس دەهێنێت،جابۆیە ئەوە ڕژێمێکی ڕەها یان ئەبەدی نییە.**

**دواتر دەڵێت: ئەگەر عادات و تەقالید و ئابوری گۆڕانکاریان بەسەرداهات ئەوا بێگومان ڕژێمی سیاسیش گۆڕانکاری بەسەردا دێت ،(مۆنتیسکۆ) لەو کتێبەیدا سێ دەسەلآت دیاریدەکات کە پێویستە حوکمی ڕژێمە کۆمارییەکان یان دیموکراتیەکان یان مەلەکییە دەستورییەکان بکات ،ئەوانیش دەسەلاتی تەشریعی واتە ئەنجومەنی نوێنەران و دەسەڵاتی تەنفیزی واتە حکومەت و دەسەڵاتی قەزائین واتە دەسەڵاتی دادوەریی.**

**هەموو دەوڵەتێکیش دەبێت ئەم سێ دەسەڵاتە لەیەکتری جیابکاتەوە و ئەگەر دانیشی پیادا نەنێت ئەوا دەوڵەتێکی دیکتاتۆر و سەرکوتکەرە.**

**گرنگترین خاسەیتی سەردەمی ڕۆشنگەریش بە پیرۆز ڕاگرتنی عەقڵە ،چونکە لەڕابوردودا واتە لەسەردەمەکانی ناوەڕاستدا پیاو ئاینیەکان بون کە نوێنەرایەتی فیکری و مەعریفەتیان دەکرد،هیچ کەسێك نەیدەتوانی کە ڕەخنەیان لێبگرێت یان دژیان بوەستێتەوە،چونکە ئەوان قسەیان بەناوی هەیەبەتی بالآو پیرۆزی ئاینی مەسیحییەتەوە دەکرد.**

**ئیدی بە مجۆرە خورافاتە عەقلییەکان بڵاوبونەوە( واتە ئەو عەقلیەتانەی کە بڕوایان بەموعجیزە و حیکایەتە سەرسوڕهێنەرەکان هەبوو) و ئەوروپا جاهیل و ئوسوڵی و هەژار و داوکەوتوبوو هەر بەوشێوەیەش بەردەوام بوو مادامەکی پیاوە ئاینیەکان بالادەستبون**

.

بەڵام بەدەستپێكدرنی سەردەمی ڕۆشنگەری ئیدی ئەوە پیاوە ئاینیەكان نەبوون كە نوێنەرایەتی هەیەبتی بالای مەشروعیەتی مەعریفیان دەكرد،بەڵكوو ئەوە فەیلەسوف و زانیانی ئاسایایی بوون نوێنەرایەتیان دەكرد و بەمشێوەیە ئەوروپا لەسەردەمە تاریكیەكان هاتە دەرەوە و ڕۆشتە سەردەمە تازەكانەوە،هەربۆیە ئەو سەردەمەیان ناونا سەردەمی ڕۆشنگەری .

دواتر نوسەر بەم شێوەیە كۆتایی بەقسەكانی دەهێنێت:

بەمجۆرە عەقڵ بوو بە سەرگەورەی بارودۆخەكە،هەموو عەقائیدەكانی ئەمدی و ئەودیو كرد،ئەوەی لەگەڵیدا هات لەگەڵیداهات،ئەوەشی لەگەڵیدا نەهات ڕەخنەی كردووە و سڕییەوە ئەوكاتیش بیرە زانستی و فەلسەفیەكان بەگەلانی ئەوروپیدا بڵاوبونەوە و لەكۆتایشدا بوو بەهۆی ڕوخانی ڕژێمی كۆن و ڕژێمی تازە جێگای گرتەوە هاوكات لەگەڵ ئەوەشدا شیكردنەوە عەقڵیە تەجروبیە زانستیە هەستپێكراوەكان جێگای عەقڵیەتە غەیبی و میتافیزیكیە دورەكانی لەواقیع گرتەوە،هەروەها پێویستە هەموو ئەوانە لەبەرچاوبگرین ئەگەر بێت و بمانەوێت لەهۆكاری پێشكەوتنی ئەوروپا بگەین بەسەر هەموو گەلانی دیكەی جیهاندا.

------------------------------------------------------

سەرچاوە/ سایتی البیان

لەژمارەی ڕۆژی 2006/3/1 ی كوردستانی نوێ دا بڵاوكراوەتەوە.